# سوپاسنامەی کۆمەڵەی بەمەدەنی کردنی گەرمیان

پاش ئەوەی (15) کەس لە ئەندامانی کۆمەڵەی بەمەدەنی کردنی گەرمیان بە هۆی دەرکردنی یاداشتنامەیەکەوە کە تێیدا داوای مانگرتنمان کردبوو لە خەڵکی شاری کەلار، لە لایەن ئاسایشەوە ڕاپێچی زیندان کران و زیاتر لە دوو هەفتە دەست بەسەر بوون، ژمارەیەکی زۆر لە سەرجەم چین و توێژەکانی خەڵکی گەرمیان بەتایبەتی ڕۆژنامەنووسان و ڕووناکبیران، بەرگریان لێ کردین و هەڵوێستی مرۆڤ دۆستانەو مەدەنیانەیان هەبوو بەرامبەر بە ئێمە و دژ بە دەسەڵاتداران و داوای ئازاد کردنی ئێمەیان دەکرد.

ئێمە بەناوی سەرجەم ئەندامانی کۆمەڵەو دۆستانیەوە سوپاس و پێزانینمان بۆ هەموو ئەو ڕۆژنامەنوس و ڕوناکبیرو گروپ و ڕێکخراوانە هەیە، کە بەرگریان لێ کردین و هاوکارێکی پشت ئەستورمان بوون و، بوون بەهۆی زیاتر هاندان و برِوا بەخۆ بوونی ئێمە لە زیندان و پاش زیندانیش.

بەرێزان ئێمە دڵنیاین کە هەڵوێستی جوامێرانەی ئێوە برِیاری دەسەڵاتدارانی گۆرِیوە لە مەرِ چارە نوسی ئێمە ، جگە لەوەی کەبوون بە مایەی هیواو ئومێدی ئێمە و، زەمانەتی کارو چالاکییەکانی کۆمەڵە.

کۆمەڵە بەوەفا دەبێت لەبەرامبەر وەفاداریتان

سورترو بەهێزتر دەبێت لەبەرمبەر داواکاریتان

کۆمەڵەی بەمەدەنی کردنی گەرمیان

2006/8/24